# بۆ خوێندکاره مانگرتووەکانی زانکۆی سلێمانی

فەرەیدون ئەحمەد

ئەگەر سەرنج بدەین لە رەفتاری دەسەڵاتدارانی کوردستان دەبینین هەموو هەوڵیان لە پێناو خزمەتکردنی خۆیانە ، سیاسەتیان، شەرەکانیان،... بۆ بەرژەوەندی ماددیە. هەرکارێك پارەی تێدا دەستنەکەوێت بۆخۆیان نایکەن. هەروەك لە ووتەکانی بەرپرسان بۆمان روون بووەوە کە داوایان لە وەزارەتی شارەوانی کرد لە دەزگایەکی خزمەتکارەوە ببنە دەزگایەك بۆ بەرهەمهێنانی پارە بۆ مەسولەکان ، یان کە دەڵێن ئیتر خەڵك با چاوەروانی تەعینات و خزمەتگوزاری نەبێت لە لایەن حکومەتەوە با خۆیان کاربکەن. بۆ ئەوەی پارەکانیان بۆ بمێنێتەوە کە لە میلەتیان دزیوە.

واتە هەستی کوردایەتی و تواناو لاشەی رۆڵەکانی گەلیان بە کارهێنا بۆ گەیشتن بە دەسەلات و، دەسەڵاتشیان دەوێت لە پێناو خزمەتکردی خۆیان نەك گەل ، بەڵگەش بۆ ئەوە ئامادەنین خزمەتی زانکۆ یان هەرکارێکی خزمەتگوزاری بکەن چونکە بە حسابی ئەوان پارەیان لێوەی دەست ناکەوێتەوە ، هەر بۆیە چاویان بریوەتە ئەو ژمارە زۆرەی خوێندکاران و حسابیان کردوە ئەگەر لەگەل دەزگایەکدا بە شەریکی پارە وەرگرن لە خوێندکاران بەرامبەر خوێندن قازانجێکی باش دەکەن، و رەنگە شەقام دروست بکەن لەباتی تێپەربوون بەسەریدا پارە وەربگرن لە خاوەن ئۆتۆمبیلەکان. واتە شەقامی خراپ بۆ هەژارانی میللەت شەقامی باش بۆ خۆیان وپارە بەدەستهێنان دەبێت ، زانکۆی خراپ ولاواز بۆ هەژاران زانکۆی پر لە پێداویستی و باش بۆ خۆیان و بۆ پارە کۆکردنەوە .ئەوەبوو لەم دوایەدا کارگەی چیمەنتۆکەی تاسلوجەشیان فرۆشت کە موڵکی میللەتە . بەلام پارەکەی چی لێدەکەن؟

ئەم دەسەڵاتدارانە ئەو هەموو داهاتەی کوردستانیان چی لێکرد پارەی ئەو هەموو زەویانەی کە فرۆشتیان یان لە سەر خۆیان تاپۆیان کرد. پارەی ئەو گومرگەی کە رۆڵەکانی ئەم گەلەیان دا بەکزوشت لەسەری ، ماوەی سێ ساڵە لە بەغداوە راتبی فەرمانبەران دێت کوا وارداتی کوردستان چی لێهات.رێژەکەی چەندە چۆن سەرف دەکرێت؟

پێشنیار دەکەم بۆ هەموو خوێندکاران باپێداگری بکەین لەسەر وەرگتنی پارە لەم حکومەتە بۆ خوێندن هەر یەکێك لە ئێمە نەك بە سلفە بەڵکو بەماف چونکە هەریەك لە ئێمە بەشمان هەیە لەو پارەیەی کە ئەم دەسەڵاتدارانە قۆرخیانکردووە . ئەو داهاتە هی ئەوان نیە . ئەو کارگەو زەویانەی دەیفرۆشن هی ئەوان نیە کوا ئەو پارانەی درا بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و هەڵەبجەو شارەکان. با ئەم مانگرتنەمان ببێتە پەردە هەڵماڵین لە سەر هەموو گەندەڵیەکان هەموو دزی و تالاَنکردنەکان ، بۆچی پارە سەرفناکەن بۆ زانکۆی سلێمانی نە کتێبمان هەیە نە مامۆستا. بۆچی بۆ زانکۆی ئایندە هەموو شتێك لە سەر پشتە بەلام بۆ ئێمە هەموو شتێك نیەو کەموکورتی تێدایە . بێگومان تەنها لە بەرئەوەی لەوێ سوودی مادی وەدەگرن ، بۆیە گرنگی بەزانکۆی سلێمانی نادەن هەتا تۆشی شکست بێت و هەموو خوێندکاران روبکانە زانکۆی بەپارە تا مەسولەکان زیاتر دەوڵمەند بن ، ئەگینا بەو پارەیەی لە داهاتی کوردستان قۆرخیانکردوە دەتوانن زانکۆی سلێمانی بکەن نمونە دەتوانن بە پارە چەندین مامۆستای شارەزایی بۆ بێنن کتێب بکرن پێداویسی باشی بۆ دابین بکەن ، بەلام نایکەن چونکە بریاریان داوە کاری خزمەتگوزاری نەکەن بەڵکو هەر پارەیەك سەرفی بکەن دەبێت دەیانجار قازانجی لێبکەن ، چونکە شعاری خزمەت بەگەلیان کردووە بە خزمەت بە مەسولەکان.